سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الـــدراسات المستقبليـــة
Center for Future Studies

# ڕانانی ئایندەیی

ژمارە (١١) ئازاری ٢٠٢٦

# عێراق لەجەنگی نێوان (ئەمریکا ـ ئیسرائیل) و (ئێران)دا

سلێمانی
ئازاری ٢٠٢٦

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

رانانی ئایندەیی

ژمارە (١١)، ئازاری ٢٠٢٦

# عێراق لەجەنگی نێوان (ئەمریکا - ئیسرائیل) و (ئێران)دا

**توێژەران:**

د.یوسف گۆران

د.ئومێد رەفیق فتاح

د.عابد خالد رسول

د.هەردی مەهدی میکە

د.فاروق عەبدول مەولود

شوێن:

عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی

Address: Iraq - Kurdistan-Slemani

Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Twitter: center_fs

Email: info@center.org

# پێڕستی تەوەرەکان


تەوەری یەکەم

◇ دۆخی عێراق لەسەروبەندی جەنگدا؛ پێشهات و لێکەوتەکان..............| ٢

تەوەری دووەم

◇ ئیسرائیل و عیراق، دیزاینکردنەوەی ناوچەکەو گۆڕینی باڵانسی هێز.......| ٥

تەوەری سێیەم

◇ ئەمریکا وعیراق، دابڕان و بێلایەنی بەرامبەر دڵنیایی ئابووری.................| ٧

تەوەری چوارەم

◇ ئێران و عێراق، یەکێتیی گۆڕەپانەکان و بەرەی موقاوەمە......................| ١٠

# سەرەتا

جەنگی نێوان (ئەمریکا - ئیسرائیل) و (ئێران) ئالنگارییەکی وجودیە بۆ دەوڵەتی عێراق، بەو پێیەی دەیخاتە بارودۆخێکی هەستیار لە نێوان پابەندییە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان بەرامبەر بە پرسە هەرێمییەکان و پێویستی پاراستنی سەروەری نیشتمانی، عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرە بەم جەنگە لە ڕێگەی بەشداری گرووپە چەکدارەکان لە ژێر چەمکی بەرەی موقاوەمە و «یەکگرتنی گۆڕەپانەکان» و لەدەستدانی سەروەری ئاسمانی کە بۆتە مەیدانی هێرشە ئاسمانیەکان لەلایەن هێزە بەشەڕهاتووەکانەوە، ئەمەش هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەو سەقامگیرییە ئەمنییە لەرزۆکەی کە حکومەت هەوڵی بەهێزکردنی دەدات.

لە ڕووی ئابوورییەوە، عێراق بارمتەی گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوت و چۆنێتی هەناردەکرنییەتی بۆ بازارە جیهانیەکان، لەداهاتوودا کێشەی بودجەی وڵات و هەرەسی دارمانی ئابووری ترسی گەورەی حکومەتی عێراقە. جگە لەوەش پێگەی جیۆپۆلیتیکی عێراق وای کردوە کە لە نێوان ئارەزووی گێڕانی ڕۆڵی نێوەندگیر بەرەو گۆڕان بۆ مەیدانی یەکلاکردنەوەی جەنگەکە بڕوات، لەمەدا عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە هاوسەنگییەکی دیپلۆماسی ورد هەیە بۆ ڕێگریکردن لە خزانی وڵات بەرەو جەنگێکی گشتگیر کە ڕەنگە وڵات بگەڕێنێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەمی توندوتیژییەکان.

ڕانانی ژمارە ١١؛ لە چوار تەوەردا تاوتوێ و شیکاری بۆ پێگەو دۆخی عیراق دەکات لە جەنگی نێوان (ئەمریکا- ئیسرائیل) و (ئێران) بەتایبەتیش خستنەڕووی دیدگاو مامەڵەی هەرسێ لایەنی جەنگ بەرامبەر بە عێراق.

## تەوەری یەکەم
## دۆخی عێراق لەسەروبەندی جەنگدا؛ پێشهات و لێکەوتەکان

لێکەوتەکانی ئەم جەنگەی ئێستای نێوان (ئەمریکا - ئیسرائیل) و (ئێران) بەر لە هەر وڵات و ناوچەیەك کاریگەری گەورەی لەسەر پێگەی ستراتیجی و سەربازیی عێراق و ئایندەی نەخشەی سیاسی و ئەمنی ئەم وڵاتە دەبێت.
لەڕووی پێگەی ستراتیجییەوە، هەر لە ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەرەوە تا لێکەوتە و کاردانەوەکانی دواتری ئەم ڕووداوانە (جەنگی غەزە، لاوازکردنی حزبوڵای لوبنانی، ڕوخانی ئەسەد لە سوریا، جەنگی ١٢ ڕۆژە دژی ئێران) بەم جەنگەی ئێستاشە، کە بە (هاوپەیمانی ئەمریکا و ئیسرائیل) دژی (ئێران و بریکارەکانی لە ناوچەکە)دا بەڕێوەدەچێت، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا لەبەردەم گۆڕانکارییەکی جیۆستراتیجی گەورەدایە، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم جەنگەی ئێستا هەر تەنها گەڕێکی دیکە لە خولی ململانێکانی نێوان (ئەمریکا و ئیسرائیل) و (ئێران و نزیکەکانی) لە ناوچەکەدا نەبێت، بەڵکو دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی هێزیێت لە زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکە، کە عێراق لە چەقی ئەو وڵاتانەدایە، لەماوەی ڕابردوشدا عێراق بەهۆی پێگەی جوگرافی و پێکهاتە سیاسی و مەزهەبییەکەیەوە، هەمیشە یەکێك لە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیانە بووە.
لەڕووی دۆخی سیاسی گشتییەوە، لەماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا، سیاسەتی عێراق بە جۆرێک دارێژراوە کە هەمیشە ڕەنگدانەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی بێت لەنێوان بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکادا، لە ئێستاشدا یەکێك لە ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی ئەم جەنگە تێکچوونی ئەم هاوسەنگییەیە، کە ئەوسا عێراق دەخاتە بەردەم دوو تاقیکردنەوەی سەخت:
**یەکەمیان**؛ ئەگەری کۆتاییهاتنی ئەو بێلایەنییە ناچارییەیە کە تا ئێستا عێراق لەنێوان بەرەکانی ململانێکەدا پەیرەوەی کردووە، بەشێوەیەك کە چیدی عێراق نەتوانێت لە سەر پەتی بێلایەنی یاری بکات، تا بێت گوشارەکان لە سەر حکومەتی بەغدا زیاد بکەن تا هەڵوێستێکی ڕوون لەنێوان هەردوو بەرەکەدا وەربگرێت و خۆی بۆ لایەنگری یەکێکیان یەکلایی بکاتەوە.
**دووەمیان**؛ زیادبوونی لێکترازانە ناوخۆییەکانی عێراق، لەلایەك لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا، بەتایبەت کە پێکهاتەکانی سوننە و کورد و بەشێک لە شیعە میانڕەوەکان ناخوازن عێراق ببێتە بەشێک لەو جەنگە، بە چوونە پاڵ یەکێك لە بەرەکانی ململانێکە، لەلایەکیتر لەناو باڵەکانی هەندێك لەم پێکهاتەکاندا، بەتایبەت لە ناوماڵی شیعەدا، کە بەشێك لە گروپە چەکدارەکانی عێراق خۆیان وەک بەشێک لە (بەرەی

مقاوەمە) دەبینن. هەموو ئەمانە دەشێت لەدواتردا ببنە هۆکاری دروستبوونی لێکترازانی گەورە لەنێوان دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت و زۆرێك لە هێزە نافەرمییەکان.

لە ڕووی پرۆسەی سیاسییەوە، وەك دەزانین کە هەڵایسانی ئەم جەنگە هاوزەمانبوو لەگەڵ هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت و دانانی سەرۆك وەزیرانی نوێ، بەپێی ئەنجامەکانی دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا، ئەمە وادەکات کە ئاڕاستەکانی ئەم جەنگە بە توندی ڕەنگدانەوەی لەسەر هاوکێشەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق هەبێت، بە شێوەیەك کە لەوانەیە لە مەدای نزیکدا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بەرەو بنبەست ببات تا ئەنجامی جەنگەکە یەکلا دەبێتەوە، بەڵام لە مەودای دووردا چاوەڕوان دەکرێت ئەنجامەکانی جەنگە ببێتە (فلتەرێکی) سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق، بۆ ئەمەش لانی کەم دوو ئەگەر پێشبینی دەکرێت:

**یەکەمیان؛** جەنگەکە بەشێوەیەك کۆتایی پێبێت کە عێراق لە ڕووی فەرمییەوە ناچار نەبێت ببێتە لایەنگری یەکێك لە لایەنەکانی جەنگەکە، لەم کاتەدا دەشێت هێزەکانی عێراق بتوانن لەسەر دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانێکی نوێ لەنگەر بگرن، کە تاڕادەیەك درێژە بەو هاوسەنگییە ناچارییە بدات کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆیکرد، هەڵبەت ئەرکی حکومەتێکی لەو جۆرە زۆر زەحمەت دەبێت بەتایبەت کە لەلایەك ئەمریکا داوای گرەنتی ئەوەی لێبکات عێراق نەکرێتە سەکۆیەک بۆ لێدانی بەرژەوەندی و هاوپەیمانەکانی لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە، لەلایەکیتر ئێران چاوەڕێی ئەوەی لێبکات کە عێراق نەخزێتە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا و نەبێتە ڕێگر لە بەردەم هەژموونی ناوچەیی ئێران و لێدان لە گروپە نزیکەکانی لە عێراقدا. بۆیە لەدۆخێکی وادا تا سەرۆك وەزیرانی داهاتوو کەسایەتییەک بێت کە خاوەن (بڕیاری سەربەخۆ) بێت، کەمتر ناچار دەبێت کە پاشکۆی هیچ میحوەرێکی هەرێمی یان زلهێزێکی نێودەوڵەتی بێت، ئەگەرنا عێراق بەرەو لایەنگری لایەنێکی ململانێکە دەخلیسکێنێت.

**دووەمیان؛** لاوازبوونی تەواوەتی ڕژێمی ئێرانی لە ئەنجامی جەنگەکەدا و پاشەکشێکردنی هەژموونی لە ناوچەکەدا، بەشێوەیەکە کە هێزە سیاسییە نزیکەکان لە تاران، بەتایبەت هەندێك لە باڵەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی، توانای مانۆڕیان کەم ببێتەوە، لەم کاتەدا دەشێت دەرفەت بۆ کەسایەتییەکی (تەکنۆکرات) یان (نیشتمانی) بکرێتەوە کە بتوانێت متمانەی ئەمریکاو وڵاتانی ڕکابەری ئێران لە ناوچەکەدا بەدەستبهێنێت. هەڵبەت لە دۆخێکی وادا ئەگەری کشانەوەی (مالکی) لە خواستی بوونەوە بە سەرۆك وەزیران نزیکە، کە ئەوسا دەرگا بۆ خۆ پاڵاوتنی (سودانی) یان (پاڵێوراوێکی دی) دەکاتەوە. لە هەموو بارێکدا، ئەگەر هەیە ئەم جەنگە بە لاسەنگکردنی هێز لەبەرژەوەندی ئەمریکا کۆتایی بێت، ئەوسا مەرجەکانی ئەمریکا بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق قورس دەبن، لە دۆخێکی وادا واشنتۆن

تەنها پشتگیری لە سەرۆک وەزیرانێک دەکات کە بەڵێنی جددی بۆ کۆنترۆڵکردنی گروپە چەکدارەکان بدات و بەرژەوەندی و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا بپارێزێت و سیستەمی دارایی عێراق لە سوودگەیاندن بە ئێران دووربخاتەوە.

هەرچی سەبارەت بە چارەنووسی گروپە چەکدارەکانە، کە یەکێکە لە خاڵە هەرە هەستیارەکانی ناو سیاسەتی هەنووکەی عێراقە، بەتایبەت کە بەشێك لە گروپە نزیکەکانی ئێران ، ئەوانەی لەژێر چەتری موقاوەمەن خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاو لە ستراتیجی بەرگریی ئێران دەزانن، بەپێی ڕاگەیاندراوەکانیان چەندین هێرشی موشەکی و درۆنییان دژی بنکە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ئەنجامداوە و ڕاستەخۆ لەم جەنگەوە گلاون، بە شێوەیەك کە بونەتە جێی بە ئامانجگرتنی ڕاستەوخۆیان لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە، هاوکات ڕەنگە لەماوەی نزیکدا بەئامانجگرتنی سەرکردەکانی ئەم گروپانە، هاوشێوەی سەرکردەکانی حزبولا لە لوبنان، چڕتر ببێتەوە و توانای پەیوەنیکردنی ڕاستەخۆیان بە ناوەندەکانی بڕیاری موقاوەمە لە ئێران پەکی بکەوێت. هەموو ئەمەش دەشێت ببێتە هۆی لاوازکردنی توانای سەربازی و داراییان. لەماوەی دواتردا، ئەگەر هێڵەکانی پەیوەندی و پشتیوانی لە تارانەوە بپچڕێن، ئەم گروپانە تووشی پشێوی و سەرلێشێواون دەبن. ئەوساش ئەگەر هەیە هەندێکیان لە پێناو مانەوەیان هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ ئاڕاستەی سیاسەتی فەرمی عێراق بدەن، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە چاوەڕوان دەکرێت گروپە ئایدۆلۆژییە توندەکان بەرەو شەڕی پارتیزانی و نانەوەی پشێوی و ناسەقامگیرکردنی ناوخۆی عێراق هەنگاو بنێن.

لە کۆتاییدا، کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە لەسەر عێراق هەر تەنها لە ڕووی ستراتیجی و سیاسی و ئەمنی نابن، بەڵکو بوارە ئابورییەکەش دەگرنەوە، بەشێوەیەك جگە لەوەی کە لە ئێستا داخستنی گەرووی هورمز گرفتی بۆ هەناردە نەوتییەکانی عێراق دروستکردووە، کە سەرچاوەی سەرکی داهات و شادەماری ئابووری عێراقە، لە ئەگەری بێتوانایی عێراق لە خۆبەدوورگرتنی لە بازنەی نفوزی ئێران، یان لەکۆنترۆڵ دەرچوونی زیاتری گروپە نزیکەکانی تاران لە دژی ئەمریکا، دەشێت ئەمریکا لەڕێگەی دۆلارەوە فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق، هەروەها دوور نییە لە ئاستی هەڵچونی زیاتردا سزای دارایی توند بخاتە سەر بانکەکانی عێراق، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەرەسی ئابوری، و لە ئەنجامدا پەککستنی تواناکانی هەر حکومەتێک کە لەو کاتەدا لە دەسەڵاتدا بێت.

## تەوەری دووەم:
## ئیسرائیل و عیراق، دیزاینکردنەوەی ناوچەکەو گۆڕینی باڵانسی هێز

لە جەنگی (ئەمریکا- ئیسرائیل) و (ئێران)دا ڕەنگە ئەمریکا و ئیسرائیل ئامانجەکانیان لەیەکەوە نزیك بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە تێڕوانیین و بیرکردنەوەی ستراتیجییان وەکو یەك نییە. خاڵی هاوبەشیان سەبارەت بە عێراق چەند ستراتیجێکە کە لێرەدا ووردیان دەکەینەوە:

خاڵە هاوبەشەکان:

١ . بۆهەردوو لا عێراق دەبێت بەشێك بێت لە پانتایی جیهانی عەرەبی و ڕاکێشانی بۆ ناو ئەو هاوپەیمانییە سەربازی و ئەمنی و ئابوریانەی کە لە ئاییندەدا لە پێکهێنانی هەرێمبەندی نوێ دروست دەبێت.

٢.عێراق بەشێکە لە ڕێکەوتنی ئەمنی ئەمریکی، کە نابێت هەڕەشە بێت لە سەر ئاسایشی میحوەربەندی هەرێمی، ڕێکەوتنی ئەمنی عێراقی ـ ئەمریکی چوارچێوەیەکی ستراتیجی درێژخایەنە و دۆستایەتی درێژمەودا مسۆگەر دەکات .

٣. عێراق بەشێکە لە بازنەی جێگۆڕکێی هێز لە ناوچەی هەرێمی، ئەگەر نەوترێت چەقی ئەم گۆڕانکارییانە دەبێت، بۆیە نابێت بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا عێراق لە بازنەی ڕێگرییەکان بێت.

خاڵە ناکۆکەکان:

١. پێودانگ و پێوەرەکانی ئیسرائیل جیاوازە بۆ داهاتووی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە، ئیسرائیل هەموو ئەو هێزانە بە نەیار دەزانێت کە نەك تەنها هەڕەشەن، بەڵکو دەتوانن بەرگریش بە خۆیان بکەن. بەڵام ئەمریکییەکان بەم شێوەیە بیر ناکەنەوە.

٢. ئیسرائیل عێراق وەکو درێژکراوەیی بیرو مەدای ئێرانی دەبینێت و هەبونی دەسەڵاتی شیعی لە عێراق وەکو مەترسی سەیر دەکات ، لەکاتێکدا ئەمریکییەکان بە جیاواز سەیری شیعە لە عێراق دەکەن، بۆ نمونە ئەمریکییەکان لە دیاریکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگی هەموویان ڕەتناکەنەوە، ئەو کاندیدانە ڕەت دەکەنەوە کە پێیان وایە هەماهەنگی و پاڵپشتی ئێرانیان هەیەو، ڕەنگە گروپە چەکدارەکانی نزیك لە ئێران هەڵنەوەشێننەوە .

٣. تێڕوانینی ئیسرائیل بۆ چەمکی (ئاشتی)، وەکو تێڕوانینی ئێرانییەکانە، هەردووکیان بڕوایان بەوە هەیە، ئاشتی تەواو پەیوەندە بە ئارامی لەو دیو سنوورەکانەوە، بەڵام ئەمریکا تێڕوانینی جیاوازە. ئیسرائیل لە یەك ڕوانگەیەوە سەیری عێراق دەکات، کە سەقامگیری و ئاشتی ئیسرائیل کاتێك بەدی دێت عێراق لە دەستی ئەو هێزانە نەبێت کە وەکو خۆی سەیری ئاشتی و ئاسایش دەکەن.

٤.تێڕوانینی ئەمریکیەکان لە دەرچوون و ڕێگری لە دەرچونی یاسای حەشدی شەعبی ئەوەبوو

کە ئەم هێزە نابێت لە دەرەوەی سوپای عێراق بێت و ئەو بودجەو ڕاهێنان و ئابوریيەی وەکو هێزێکی هاوتەریب بە سوپای عێراق لە ناوعێراق هەبێت، بۆیە داواکارییەکەیان ئەوەبوو کە ئەم هێزە لەگەڵ سوپای عێراق تێکەڵ بکرێت و فەرمان لەسەرۆك وەزیران وەربگرێت و مەرجەعیەتی عێراق بێت و پشتیوانی و وەلائیەتی عێراقی بێت.

بە پێچەوانەوە ئیسرائیل وەکو نوێنەرایەتی ئێران مامەڵەی لەگەڵ کردوە، بۆیە پێی وابوە تێکەڵکردنی لەگەڵ سوپای عێراق کێشەکە گەورەتر ئەکات و سەرکردەکانی ئەم هێزە سوود لە توانا سەربازی و ڕاوێژکارییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانییەکانی وەردەگرن و پێشکەش بە نەیارەکانی ئیسرائیلی دەکەن، لەلایەکی ترەوە پێیان وابوە تێکەڵکردنیان بە واتای داننانە بە بریکارەکانی ئێران، بۆیە پێشنیاری ئیسرائیل ئەوەبووە دەبێت ئەم هێزە لە بنەڕەتەوە هەڵبوەشێتەوە و یاخود پێویستە لە ناوبرێت.

کەواتە لە دەرئەنجامدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە جەنگی (ئەمریکا- ئیسرائیل) و (ئێران) زیاتر لەوەی وەکو جەنگی بچوك یان ناوەندی سەیری بکرێت جەنگێکی هەرێمییە و پانتاییەکەی ڕۆژ دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت.

ڕەنگە لە دەرئەنجامدا وێنەکە وا لێك بدرێتەوە بە کۆتایهاتنی جەنگەکە لە ئێران، جەنگەکانی تریش کۆتاییان بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانج لەم جەنگە دیزاینکردنەوەی ناوچەکە و گۆڕینی باڵانسی هێزە، بۆیە ئەگەر لە ئێرانیش کۆتایی بێت لە هەندێك ناوچەی تر بەردەوام دەبێت و نەخشەی سیاسی و جێگۆڕکێی هێزەکان ڕوو ئەدات. ئەم هاوکێشەیە بەتەواوی بۆ عێراق ڕاستە لە ئێستادا لێکەوتە و دەرئەنجامەکانی وا دەرئەکەون، ئەمە ئەو ئامانجەیە کە ئیسرائیل لە عێراقی دەوێت و کاری بۆ دەکات.

## تەوەری سێیەم:
## ئەمریکا وعیراق، دابڕان و بێلایەنی بەرامبەر دڵنیایی ئابووری

پەرەسەندنە سەربازییە ڕاستەوخۆکانی نێوان واشنتۆن و تەلئەبیب لە لایەك و تاران لە لایەکی دیکە، جارێکی دیکە پێگەی عێراقی خستەوە ناو جەوهەری هاوکێشە ستراتیژییەکانی ئەمریکاوە، بەو پێیەی عێراق لە ناو جەرگەی جەنگەکەدایە؛ لە کاتێکدا حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە گرژییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام فشاری ئەمریکییەکان (لە ڕێگەی هەڕەشەی سزای دارایی و فشاری سەربازی)و هەروەها فشاری ئێرانییەکان (لە ڕێگەی گروپە چەکدارەکانەوە) وایان کردووە کە بێلایەنبوونی عێراق نیمچە مەحاڵ بێت.
واشنتۆن چیتر وەها سەیری عێراق ناکات کە تەنها هاوبەشێکی ئەمنیی تەقلیدییە، بەڵکو وەك جوگرافیایەکی ستراتیجی حەتمی دەیبینێت کە دەکرێت ببێتە ڕێڕەوێکی کاریگەرو زیندوو لەم جەنگەدا، چ بۆ گەمارۆدانی هەژموونی ئێران یان بۆ بەهێزکردنی، هەر بۆیە ئەمریکا لەسەر بنەمای "ڕێگری لە هەرەسهێنان و ڕێگری لە هەژموون" لە یەك کاتدا مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکات؛ واتە پاراستنی سەقامگیری دەوڵەتی عێراق لە لایەك، و ڕێگریکردن لە کەوتنی تەواوەتی عێراق لەژێر چەتری ستراتیجی ئێران لەلایەکی دیکەوە.
ئەم دیدگاو بنەما جێگیرەی واشنتۆن پەیوەستە بە ئاڵۆزیی پێکهاتەی سیاسی عێراق کە چەندین سەنتەری هێز تێکەڵ بوون وەك حکومەتی فیدراڵی و گروپە چەکدارەکان و پێکهاتە خۆجێیەکان، ئەم واقیعە واشنتۆنی ناچارکردوە بە گرتنەبەری سیاسەتێکی دوولانەیە؛ پاڵپشتیکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت، لەبەرامبەردا بەکارهێنانی ئامرازەکانی گوشار بۆ سنووردارکردنی هەژموونی گروپە چەکدارەکان و ڕێگریکردن لە باڵادەستبوونیان بەسەر بڕیاری سیاسی و سیادی دەوڵەتدا، بەتایبەتی لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا پێگەیان بەڕێژەیەکی زیاتر هەڵکشاوەو مەیلی وابەستەبوون بە ئێران و کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی جۆری حکومەتی داهاتوو بەڕوونی دیارە ، بۆیە ئەوەی بەلای ئەمریکاوە گرنگە دڵنیابوونەوەیەتی لەوەی عێراق نەبێتە بنکەیەك بۆ هێرشکردن یان ڕێڕەوێك بۆ گەیاندنی هاوکارییە لۆجیستییەکانی ئێران، واشنتۆن پێی وایە هەر مووشەك یان درۆنێك لە خاکی عێراقەوە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یان ئیسرائیل بکرێت، حکومەتی بەغدا بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی لە ئەستۆدایە. ئیدارەی ترەمپ لە کۆتایی مانگی شوباتدا بە بەرپرسانی عێراقی ڕاگەیاندووە کە "دەیانەوێت عێراق لە هێرشەکان بەدوور بگرن"، بەڵام ئەمە مەرجدارە بە ڕێگریکردن لە دەستوەردانی گروپە چەکدارەکان.
ئەوەی دۆخەکەی بۆ عێراق زیاتر ئاڵۆزکردوە ئەوەیە کە حکومەتی ئێستای عێراق حکومەتی کاربەڕێکەرە، لایەنی نەرێنی کاربەڕێکەربوونی حکومەت دروستبوونی "بۆشاییە لە دەسەڵات"

کە تێیدا دەوڵەت توانای بڕیاردانی سیادی و کۆنترۆڵکردنی گرووپە چەکدارەکانی سنووردار دەبێت، ئەمەش هەڵوێستی ڕەسمی دەوڵەتی عێراقی بەتەواوی لە ڕووی کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی جەنگ و داخوازییەکانی ئەمریکای لاواز کردوە.

## ئامانجەکانی ئەمریکا لە عێراق

ئیدارەی ترەمپ لە سەرووبەندی ئەم جەنگەدا، هەوڵ بۆ بەدیهێنانی چوار ئامانجی تەواوکاری لە گۆڕەپانی عێراقدا دەدات، ئەوانیش:

١- یەکخستنی و دابڕانی یەکگرتنی گۆڕەپانەکان و فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ ڕێگریکردن لە گرووپە چەکدارەکان لەوەی خاکی عێراق بکەنە سەکۆیەك بۆ هەڵدانی موشەك و درۆن بەرەو ئیسرائیل یان بنکەکانی ئەمریکا لە ناوخۆی عیراق و وڵاتانی کەنداو.

٢-دەستەبەرکردنی جووڵەی ئاسمانی و پاراستنی ئاسمانی عێراق وەك ڕێڕەوێکی کاریگەر بۆ فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ئەنجامدانی هێرش لە قووڵایی خاکی ئێراندا، کە بەپێی هەندێك ئامار، ڕۆژانە لانی کەم ١٨ بۆ ٢٤ فڕۆکەی جەنگی بە ئاسمانی عیراقدا تێپەڕدەبن.

٣- پاراستنی ئاسایشی وزەو ڕێگریکردن لە وەستانی هەناردەی نەوتی عێراق وەك گرەنتیە بۆ بازاڕە جیهانییەکان، بەتایبەتی لەگەڵ هەڕەشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ سەر گەرووی هورمز و بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلێك نەوت بۆسەرو ١٠٠ دۆلار، لەم دۆخەدا ئەمریکا ترسی لە هەڵکشانی نیگەرانی وڵاتانی ئەوروپا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەیە کە بەشێکی زۆری پێداویستی وزەیان لە عێراق و وڵاتانی کەنداوەوەیە.

٤- نەهێشتنی پێگەو پەناگەو ڕێگریکردن لە سەرکردەکانی سوپای پاسداران لە بەکارهێنانی عێراق وەك قووڵاییەکی ستراتیجی یان بەرەی دووەمی جەنگ بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان، بەتایبەتی دوای هێرشە توندەکانی هەریەکە لە ئەمریکاو ئیسرائیل بۆسەر ناوەندی باڵای فەرماندەیی سەربازی سوپای پاسداران لە تاران و شارەکانی دیکە.

بژاردەو سیناریۆکانی ئەمریکا لە عێراق لەسەروبەندی جەنگدا

بۆ دابڕان و دورخستنەوە عێراق لە جەنگی ئیسرائیل- ئەمریکاو ئێران یان ڕێگریکردن لە "یەکخستنی گۆڕەپانەکان" هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق لە نێوان چەند بژاردەیەکدایە:

**یەکەم**: ئەمریکا لەم قۆناغەدا بە بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق بۆ بەهێزکردنی سەروەریی بەسەر ئاسمان و سنوورەکاندا، لەگەڵ پێدانی گەرەنتی ئەمنی لە بەرامبەر سنووردارکردنی گرووپە چەکدارەکان، ئامانجی ئەمریکا ڕێگریکردنە لە خزانی عێراق کە ببێتە "بەرەی دووەم" لە جەنگەکەدا، و پاراستنی وەك ناوچەیەکی دابڕێنەر کە ڕێگری لە ئێران بکات خاکەکەی وەك بنکەی موشەکی یان ڕێڕەوی لۆجستی بۆ لوبنان و دەرەوەی

سنورەکانی بەکاربهێنێت.

**دووەم:** لە ئەگەری لەدەستدانی کۆنترۆڵی بڕیار لەلایەن حکومەتی عیراقەوە، ڕەنگە واشنتۆن بەرەو بەهێزکردنی بوونی خۆی لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای عێراق بڕوات وەك پێگەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە ڕووی ئەمنییەوە. ئەم بژاردەیە ئامانجی دروستکردنی ناوچەی هەژموونی پارێزراوە کە توانای چاودێری و دەستێوەردانی خێرا هەبێت بەبێ تێوەگلان لە ململانێی بەرفراوان بەتایبەتی لەناو شارە گەورەکاندا.

**سێیەم:** بەئامانجگرتنی سیستماتیکی ژێرخانی ئابووری و سەربازیی گروپە سیاسی و چەکدارەکان لەناو عێراقی نزیك لە ئێران و گۆڕینی وڵات بۆ گۆڕەپانی کۆتاییپێهێنانی تەواوی هەژموونی تاران، واشنتۆن لە ئێستادا خۆی لەم بژاردەیەی بەدوور دەگرێت چونکە یەکپارچەیی دەوڵەت دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام وەك بژاردەیەك دەمێنێتەوە ئەگەر بنکەو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ژێرخانی ئابووی و نەوتی عێراق ڕووبەڕووی هێرشی گەورە ببنەوە لەلایەن گروپەکانی نزیك لە تاران. بۆیە ئەمریکا هەوڵ دەدات ئاستێك لە سەقامگیری لە عێراق بپارێزێت کە ڕێڕەوی نەوت مسۆگەر بکات و هانی کەمکردنەوەی گرژییەکان و پاراستنی دامەزراوە هەستیارەکان بکات لە هێرشی گروپە چەکدارەکان.

**چوارەم:** فشاری ئابوری و نەختینەیی، بانکی فیدراڵی ئەمریکا وەك کاریگەرترین ئامراز دەمێنێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەختینەی عێراق، واشنتۆن سنووردارکردنی گواستنەوەی پارە بەکاردەهێنێت بۆ دڵنیابوون لەوەی پارە ناگاتە ئەو تۆڕانەی کە پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە.

لەکۆتایدا، پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق لەسەروبەندی جەنگی (ئەمریکا-ئیسرائیل)و (ئێران) لە دوای ئازاری ٢٠٢٦، چیتر هاوکارییەکی ئارەزوومەندانە نییە، بەڵکو ئیدارەدانی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانە لە سایەی بەردەوامی ئەم جەنگەدا، عێراق لە دارمانی ئابووری دەترسێت ئەگەر بانکی فیدراڵی ئەمریکا نیگەرانییەکانی بکاتە کردار، هەروەها ئەمریکاش ترسی لەوە هەیە کە عێراق وەکو پێگەی سەرەکی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەست بدات، بۆیە لەدۆخێکی لەو شێوەیەدا خودی عێراق وەکو دەوڵەت و ئەمریکاش وەکو لایەنی سەرەکی ناو جەنگەکە، دەخوازن عیراق لە ناوچەی خۆڵەمێشیدا بمێنێتەوە، بەڵام مانەوەو پاراستنی گرێدراوە بەوەی تا چەند عێراق دەتوانێت باڵیۆزخانە بیانییەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوخۆدا بپارێزێت لە بەرامبەردا دڵنیایی ئابووری پێبدرێت بۆ ڕێگرتن لە دارمانی سیستمیە سیاسیەکەی.

## تەوەری چوارەم:
## ئێران و عێراق، یەکێتیی گۆڕەپانەکان و بەرەی موقاوەمە

گرەوی ئێستای ئێران لەسەر بنەمای ڕاگرتنی جەنگ و مانەوەی سیستەمەکەیەتی، بۆ ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی چەند کارتێکی ستراتیجیە و هەمیشە وەک قوڵایی ستراتیژی بۆی ڕوانیوون، کە دەیان ساڵە کاری لەسەر کردوون بۆ ڕۆژانێکی لەم شێوەیە چاوەڕوانی لێیان هەیە:

لە نێویاندا عێراقە جارێك وەک وڵاتێکی کەنداوی، تێوەگلاندنی و جارێکیش پێویستی پێیەتی کە هاوکاری بێت لە چەند پرسێکدا بە بیرکردنەوەی ئێران، عێراق و عێراقییەکان دەتوانن لە گەرمەی جەنگدا ئەم ڕۆڵانە ببینێت:

**١- جوگرافیا و گرووپەکانی عێراق وەک بەشێک لە یەکێتیی گۆڕەپانەکان:** کە تێیدا مەیدانی عێراق (نێوەڕاست و باشوور) وەک لوبنان و جێگەی دیکە دەکرێت هێرش بکەنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیان و پێگەکانی بەرژەوەندییان، دیارە هەر لەسەردەمی ڕێبەری دووەم (خامینەیی یەکەم) ئەم تێزە وەک ستراتیج بە نێوی یەکێتیی گۆڕەپانەکان کاری لەسەر کرا و لە لێکەوتەکانی حەوتی ئۆکتۆبەردا لە لوبنان و یەمەن و سوریاوە، نزیکەکانی تاران ئەم گۆڕەپانانەیان بۆ بەرژەوەندیی ئێران و هاوپشتیی حەماس چالاک کرد. عەلی خامینەیی هەفتەیەك بەر لە جەنگی ٢٨ی شوباتیش جەختی کردەوە کە جەنگی ئەمجارە گەر ڕووبدات ئەوا تەنها ئێران مەیدانەکەی نییە، دیارە مەبەستی یەکێک لەو مەیدانانە عێراقە و تائێستاش لە ئانی جەنگەکەدا چەند گرووپێکی مقاوەمەی عێراق وەفاداربوون بۆ ئەو وەسێتە ستراتیجیە و خامینەیی دووەمیش وەک مانەوە لەسەر ئەو ستراتیجە لە یەکەم پەیامییدا دیسانەوە سوپاس و داوای بەردەوامی لە مقاوەمەی شیعەی عێراقی کرد، ئەمەش دیارە واتە عێراق لە ستراتیجی بەڕێوەبردنی جەنگدا مەیدانێکی دیکەیە.

**٢- چاوەڕوانیی ئێران لە حکومەتی عێراق:**

**یەکەم:** لە پرسی هەڵوێستی حکومەتی کاتیدا، باوەڕی وایە دەبێت بێلایەنی «ئەرێنی» بێت بەلای تاراندا، بەو واتایەی کە هاوهەڵوێستی ئەمریکا هیچ نەبێت، هاوکاری نزیکەکانی بێت و سنوورەکانی بۆ بپارێزێت و پێگەکانیشی بۆ ئەمریکی و ئیسرائیل نەکاتەوە، لەمەشدا سەرکەوتوو بووە چونکە چ پێکهاتەی کابینەکە و بەشێکی لە خودی ئەو گروپە نزیکانە پێکهاتووە و هی دۆخێکە کە جێپەنجەی سیاسەتیی ئێرانی بەسەرەوە جێماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بووەتە هۆی ئەوەی سەرۆک وەزیران و کابینەکەی بخاتە دۆخێکی ڕووگیرانەوە کە ڕاستە وا نیشان دەدات نە ئێرانییە و نە ئەمریکی، بەڵام بە پێچەوانەوە لەلایەن هەردووکیانەوە کراوەتە ئامانج و سەروەری و خاک و پێگەکانی عێراق لە سەرجەم ڕۆژانی جەنگەوە وەک تاران و تەلئەبیب بەرکەوتەی جەنگ بوون.

دەمێنێتەوە لە پرسی هەنووکەیی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراقدا، ئێران لەمەشدا سوورە یان حکومەت پێکنەیەت و دوای بخات یان لەسەر ئەوەی کە حکومەتێک بێت لە خولگەی هەژموون و سیاسەتەکانییدا دەرنەچێت و پێکهاتەکەی جێی ڕەزامەندیی بێت مکوڕە، ڕاستە تا هەنووکەش نەیتوانیووە ئەو حکومەتە پێکبهێنێت بەڵام پێکهێنانیشی پەکخستووە بۆ ئەوەی پێچەوانەکەشی ڕوونەدات.

**دووەم**: لە پرسی وزەدا، تاران وەک بەشێک لە هۆی ناچارکردنی واشنتۆن بۆ ڕاگرتنی جەنگ پەنای بۆ ڕاگرتنی گەرووی هورمز برد، بۆ ئەوەی نرخی وزە بەرزبکاتەوە و وڵاتانی هەناردەکەر ناچار بە ڕاگرتن و بەرهەمهێنان بکات، لەمەشدا بڕێک سەرکەوتوو بووە و نرخی وزەی لە بازاڕی جیهانیدا کردە سێ ژمارەیی. کەواتە عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی هەم لە کەنداوەوە وزە دەنێرێت (جگە لە هەرێمی کوردستان) و هەم بەرهەمهێنیشە و هەم هەژموونی بەسەر کابینەکەشدا هەیە بۆیە ئاسانترە لە وڵاتانی دیکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی. هەر وای کرد عێراق بە ناچاریی بێت یان ویست، هەنووکە لە باشوورەوە هەناردەی نەوتەکەی وەستاوە و وەک ڕازیکرنی ئەمریکاش بیری لە هەناردە لە بۆرییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوەو لەگەڵیدا ڕێککەوت، هەرچەند ئەمەش وەک هەڵوێستەکانی دیکەی عێراق دووسەرەیە، چونکە ئەو بڕەی لە هەرێمەوە دەنێردرێت هەم زۆر کەمترە لە هەناردەکەی کەنداوی و هەم مەترسیشی لەسەرە لە ڕووی پارێزگارییەوە، بەڵام ئیدی بەمە سودانی دەتوانێت هەم نیوەی ئامانجەکەی تاران بەجێبگەیەنێت و هەم وا نیشانی بدات کە بەئەنقەست نەوتی ڕانەگرتووە و ئەمریکاش ڕازی بکات.

**سێیەم**: لە بارەی هەرێمی کوردستانەوە، ڕوانگەی ئێران ئاوایە کە هەرێم مەترسیدارترین سنووری بۆ بپارێزێت کە لە قوڵی ڕۆژهەڵاتەوە (ڕۆژئاوای ئێرانەوە) بەرەی جەنگ نەکرێتەوە، هەم ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات و هەم پێگەکانی لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئیسرائیل بەکارنەیەن، تا هەنووکەش هەرێم پابەند بووە. بەڵام وەک بەڕێوەبردنی جەنگ ڕەچاوی ئەم ڕێزگرتنەی هەرێمی کوردستان نەکراوە ، بەڵکو مەیدانی هەرێم لەگەڵ کەنداو و تەلئەبیب جیانەکراوەتەوە و زیاتر لە سێسەد جار شارەکان و نێوچەکانی هەرێمی کوردستانی بە ئامانج گیراوە. بگرە قوربانیانی ئەم هێرشانە بۆ سەر هەرێم زیاترن لە قوربانییانی ئەمریکا، لە کاتێکدا ئەمریکا دەستپێکەری جەنگە و هەرێم لە جەنگدا نییە!

کەواتە ئێران بەگشتی لە عێراق لەسەر چوار ئاست چاوەڕوانی هەیە و دیدگای خۆی ڕێکخستووە، یەکەم باشوور و نێوەڕاستی عێراق بەشێکە لە یەکێتیی گۆڕەپانەکان و دەبێت هاوکاریی تاران بێت لە جەنگدا، دووەم لەسەر ئاستی بەرزکردنەوەی وزە بە کردەیی عێراقی کردووەتە بەشێک لە ستراتیجە جەنگییەکە و هەناردەی نەوتی پێڕاگرتووە و بووەتە بەشێک لە بەرزکردنەوەی نرخی وزە، ئەمەش وەک تەکتیکێکی ئێرانی بۆ ناچارکردن و ڕووگیرکردنی ئەمریکا لەبەردەم ڕای گشتیی ئەمریکی و وڵاتانی جیهاندا کە نرخی وزەی بەرزکردووەتەوە و

داوای لێبکەن جەنگەکە ڕابگرێت.

هەرچی ئاستی سێیەمە ڕاستە سەرکەوتوو نەبووە لە پێکهێنانی حکومەتێکی لایەنگریی خۆی، بەڵام تاهەنووکە ڕێگەشی نەداوە حکومەتێکی نیشتمانی یاخود مەیلەو ئەمریکیش پێکبهێنرێت.

هەرچی لە ئاستی هەرێمی کوردستانە وەک خاک بە کردەیی بە بەشێک لە مەیدانی نەیار و دوژمنەکانی زانیوە و ڕۆژانە هێرشی کردووەتەسەر و لە ڕووی هەڵوێستیشەوە سوودی لە هەڵوێستی حزبەکانی ڕۆژهەڵات (کە ڕەچاوی دۆخی هەرێمیان کردووە) و بێلایەنی خاک و حزب و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە و لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سنوورەکان بۆ ئێران بەشێک نەبوون لە جەنگی کراوە.

بەڵام سەرلەبەریی ئەمانە لەبەر دۆخیی ناهاوسەنگی شەڕ و ماندوویی و زیانبەرکەوتنی زۆری حکومەتی تاران و بەردەوامی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، سەرجەمی ئەم ڕێکار و کردانەی ئێران لە عێراق ڕاستە وەک ستراتیج تاران کاری لەسەرکردوون بەڵام لە داهاتوویەکی (نە زۆر دووردا) دوور نییە ببنەوە تاکتیک و ناکارا بن و بە توندکردنەوەی هێرشەکان بۆ سەری، سەرجەمیان ناتوانن و وەک عێراق بە خاک و خەڵکەوە ئەو کارایییەیان بۆ تاران ئاوا هاوسەنگ نامێنێتەوە و دوور نییە بەو هەڵوێستەی خودی مەیدان و جڵەوی سیاسەتەکانیشی لەدەست بدات و لە بری بەشێک لە قوڵایی ستراتیجی تارانی، نەبێتە نەیاری سیاسەتەکانی یان لانیکەم ببێتەوە دراوسێیەکی ئاسایی و بێهەژموون لەسەری.

## کۆتایی:

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی نێوان (ئەمریکا - ئیسرائیل) و (ئێران)، لەکۆتاییەکانی مانگی شوباتی ٢٠٢٦، عێراق بوە گۆڕپانی سەرەکی جەنگەکە، لەسایەی ئەم جەنگەدا عێراق لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویدایە، لەسەر ئاستی دەرەوە، وەك چۆن دەشێت ململانێی ئەمریکا - ئیسرائیل دژی ئێران کۆتایی بەو سەردەمە بهێنێت کە تێیدا عێراق ناوچەی خۆڵەمێشی و ململانێی لەبری بوو، هەروەها دەشێت ئەم جەنگە بە یەکجاری عێراق بەرەوەی داخزان بەرەو یەکێك لە لایەنەکانی ململانێکە ببات. هێشتا ئەمریکا پشتیوانی حکومەتی عێراقە و ناخوازێت ئەم وڵاتە بەرەو داخزان بڕوات و ببێتە لایەنگیری بەرەیەکی ناو جەنگەکەو لەهەمانکدا هەوڵی جڵەوگیری هەموو ئەو گروپە چەکدارانە دەکات کە پشتوانی تاران و شەڕی بە وەکالەت دەکەن دژی بەرژوەندییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل لەناوچەکەدا، هەرچی ئیسرائیلشە، سەرباری بوونی خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام ئیسرائیل عێراق وەکو درێژکراوەیی بیرو مەدای ئێرانی دەبینێت و هەبونی دەسەڵاتی شیعی لە عێراق وەکو مەترسی سەیر دەکات و داوای هەڵوەشاندنەوەی تەواوی هێزو گروپە چەکدارەکان دەکات. ئەوەی بەلای ئێرانیەکانیشەوە گرنگە ئەوەیە کە عیراق وەکو گۆڕەپانی دووەمی جەنگ بمێنێتەوەو گروپە چەکدارەکان بەردەوامبن لەبەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە عێراق و ناوچەکە، ئێران دەیەوێت حکومەتی عیراق بێلایەنێکی «ئەرێنی» بێت بەلای تاراندا، بەهیچ شێوەیەك هاوکارو هاوهەڵوێستی ئەمریکا نەبێت.

لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، دەشێت درێژەکێشانی زیاتری جەنگەکە پەیوەندی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (سوونە و کورد و شیعە) هەروەها باڵ و لایەنەکانی ناو هەندێك لەو پێکهاتانە (ماڵی شیعە) ئاڵۆزتر بکات. ئایندەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و دانانی سەرۆک وەزیرانی داهاتوو بەندە بەوەی کە عێراق تا چەندە دەتوانێ خۆی لەسیاسەتی میحوەرگەری دووربخاتەوە و پێگەی خۆی وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی بچەسپێنێت. ستراتیجی هەرێمی کوردستانیش لەم ململانێیانەدا جگە لە بێلایەنی بوون، هەر لەسەرەتاوە بەڕەسمی ڕاگەیاندوە کە لەگەڵ بژاردەی جەنگدا نییەو کردنەوەی کەناڵە دیپلۆماسییەکان باشترین ڕێگەن بۆ دورخستنەوەی ناوچەکە لە جەنگ وماڵوێرانی زیاتر، لەمەشدا بەڕوونی بەلایەنی ئەمریکا و ئێران و تەنانەت حکومەتی عێراقشی ڕاگەیاندوە کە هەرێم بەشێك نییە و نابێت لەم ململانێیانەو ڕێگەشنادات خاکەکەی بکرێتە مەیدانی جەنگ و سەرچاوەی هەڕەشە بۆسەر هیچ لایەنێك، گرنگە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم ستراتیجە وەکو فاکتەری ئارامی و ئاسایش لەناوچەکەدا بەردەوام بێت بە لەبەرچاوگرتنی پاراستنی بەرژەوەندی لایەنەکانی ململانێ بەبێ جیاوازی.

# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی
# سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

## ئامانجەکانی سەنتەر:

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی و هاندانی پسپۆڕ و لێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئایندەدزانی ستراتیژی و سیاسەتی گشتی و دەرەکی.
٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و بەرەوپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا ناحکومییەکانی هەرێم.
٥. بەشداریکردن لە بەرەوپێدانی پرۆگرامی خوێندن لە بوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. ئەنجامدانی کۆنفرانس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی و ناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لە پێناو گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
٨. بەدواداچوون و پێوانەکردنی ئاراستەکانی ڕای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جێگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لە بواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائیستا لە کوردستاندا بە شێوەیەکی زانستی و بەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

## چالاکییەکانی سەنتەر:

١. نووسین و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و پۆڵەسی پەیپەر و کتێب و بڵاوکردنەوەیان.
٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سیمینار.
٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم و متمانەپێدراو و هەردوو وەرزنامەی ئایندەناسی و ئێراننناسی.
٤. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و بەرنامەی میدیایی.
٥. وەرگێڕانی کتێب و جۆرناڵ و بڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. سوودوەرگرتن لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاراستەکانی ڕای گشتی.
٧. کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية
## مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

### أهداف المركز:

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.

٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.

٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.

٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.

٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة باختصاصات المركز.

٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.

٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.

٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.

٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.

١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

### نشاطات المركز:

١. اجراء البحث العلمي و نشره.

٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.

٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.

٤. اصدار مجلة علمية محكمة.

٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.

٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.

٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

## Centre for Future Studies (CFS)

## A Non-Governmental Centre for Academic Research in the Public Interest.

### Aims and objectives:

1.To promote expertise and support research activities in the fields of politics and international relations, with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.

2.To contribute to the development and enhancement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.

3.To provide the governing institutions of the Kurdistan Regional Government (KRG) with professional and expert advice.

4.To provide the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan with professional and expert advice.

5.To contribute to the enhancement of curricula in the fields of the centre’s expertise.

6.To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.

7.To coordinate with governmental and non-governmental research centres inside and outside Iraqi Kurdistan, with the aim of exchanging ideas and expertise.

8.To monitor and assess the directions of, and trends in, public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on issues crucial to the stability and prosperity of the region.

9.To train and qualify researchers in the centre’s areas of expertise.

10.To address the region’s strategic issues that have not yet been examined from an academic and scientific standpoint.

### Activities:

1.To conduct and publish scientific research.

2.To hold regular conferences, seminars, and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.

3.In addition to policy papers, analytical reports, and books, the centre publishes a scientific journal primarily concerned with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.

4.To conduct interviews and engage with public and private media.

5.To translate and publish books and journal articles from English and other foreign languages into Arabic and Kurdish, on topics within the centre’s areas of expertise.

6.To conduct opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.

7.To gather data and publish analyses on various issues related to public policy in Iraqi Kurdistan.

CFS

Center for Future Studies

# ڕانانەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (١)

**ئایندەی عێراق و هەرێم**
**لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا**

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، پێگەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٢)

**پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان**

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٣)

**ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان**

شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنووسی دیلەکانی داعش

نیسان 2020

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٤)

**حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان**

لەمپەر و سیناریۆکان

ئایار 2020

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٥)

**ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان**

سێکوچکەی هەولێر - بەغدا - واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی

حوزەیران 2020

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٦)

**جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان**
**لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان؛**

دەسوەردانەکانی تورکیا، ڕێککەوتنی ئێران-چین

سلێمانی

تەمموزی ٢٠٢٠

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٧)

**ئایندەی هەرێمی کوردستان**
**لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا**

گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا

سلێمانی

ئاب ٢٠٢٠

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٨)

**ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا؛ فیدراڵیەتێکی ناجێگیر**

پاشخان، لایەنە کاریگەرەکان، سیناریۆ و ڕاسپاردەکان

سلێمانی

کانونی دووەم ٢٠٢١

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٩)

**سەردەمی بایدن...**

سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛
لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان

توێژەران:
د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە

سلێمانی

شوباتی ٢٠٢١

- سەردەمی بایدن... سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛
لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان

www.centerfs.org

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (١٠)

**یندەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە گێژاوی ململانێکانی عێراقدا**

ململانێکانی نێو ماڵی شیعە- سونە- کورد و کاریگەرییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان

توێژەران:
د. یوسف گۆران، د. ئومێد رفیق فتاح، د. عابد خالد رسول، د. هەردی مهدی میکە

سلێمانی

نیسانی ٢٠٢٢

www.centerfs.org

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (١١)

# العراق في الحرب بين (أمريكا ـ إسرائيل) و (إيران)

Future Readings No.11

# Iraq Amidst the U.S._Israel vs. Iran War

www.centerfs.org
2026